DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.358

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# (ڕۆڵی ئەمریکا لە بونیادنان و پەرەپێدانی پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران) (١٩٥٧-١٩٧٩)

**د.گۆران ابراهیم صالح**

زانکۆی سلێمانی/کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان

Goran.salih@univsul.edu.iq

## پوختە:

لە سەدەی بیستدا ئەتۆم بووە سیمبولی هێز و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیی وڵاتانی جیهان، ئێرانیش وەک یەکێک لە وڵاتە گەورە و کاریگەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە قۆناغی دەسەڵاتی (محمد رەزا شای پەهلەوی١٩٤١_١٩٧٩)دا، زۆرترین هەوڵی خۆی بۆ بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای ئەتۆم خستەگەڕ، لەو چوارچێوەیەشدا، ئێران لە پێش (١٩٥٧)وە هەوڵەکانی خۆی بۆ بەدەستهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە چڕ کردەوە و لە کۆتایی دەیەی پەنجاکاندا، بناغەی تەکنەلۆژیای ئەتۆمیی لە وڵاتەکەیدا دانا، لە دەیەی شەستەکاندا توانی بیگەیەنێتە ئاستێکی باش و دواتر لە دەیەی هەفتاکاندا پەرەسەندنی بەرچاوی بە خۆوە بینی. لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەشدا، ئەوە خراوەتە ڕوو، کە ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چ ڕۆڵێکی لە بونیادنان و پێشخستنی تەکنەلۆژیای ئەتۆم لە ئێراندا هەبوو؟، هەروەها بۆچیی ئێران زۆرترین هەوڵی خۆی بۆ بەدەستهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە خستبووە گەڕ و بودجەیەکی زۆریشی بۆ تەرخان کردبوو؟، لە قۆناغی کۆتایی دەیەی هەفتاکانیشدا، هۆکاری چیی بوو ئەمریکا کۆتایی بە ڕۆڵی خۆی لە پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران هێنا؟ لێرەدا کۆی هاوکاریی و پاڵپشتییەکانی ئەمریکا بۆ ئێران پاشان وەستاندنیان قۆناغ بە قۆناغ ڕوون ئەکرێنەوە. لە هەمان کاتدا ئاماژە بە کاریگەرییەکانی ئەتۆم لە سەر کایەکانی وەک ئابووریی و وزە و پیشەسازیی لە ئێران ئەکرێت، لەم توێژینەوەیەدا، پشتمان بە میتۆدی زانستیی مێژوو و میتۆدی وەسفیی_شیکاریی بەستووە، لە سەر بنەمای ئەم میتۆدانەش پەرەسەندن و گەشەپێدانی مێژووی تەکنەلۆژیای ئەتۆمیی ئێرانمان بە شێوەیەکی زانستیی لە چوارچێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران دا ڕوونکردۆتەوە و وەسفی پەرەسەندنەکانی ئەم تەکنەلۆژیایەشمان بە پێی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران کردووە، هەروەها شیکارمان بۆ کۆی ئەم قۆناغانەی ئێران لە بواری گەشەی ئەتۆمییدا کردووە. لە ئەنجامیشدا کاریگەرییەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩) لە سەر تەکنەلۆژیای ئەتۆم لە ئێران و وەستاندنی کۆی هاوکاریی و پاڵپشتییەکانی ئەمریکا بۆ پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران ڕوونکراونەتەوە.

**کلیلە وشەکان: ئەمریکا، ئێران، پرۆژەی ئەتۆمیی، کوورەی ئەتۆمیی، وزە.**

Recieved: 12/8/2023
Accepted: 4/12/2023

**E-ISSN: 2790525-X**
**P-ISSN: 27905268**

# پێشەکیی:

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا، پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی مرۆڤایەتیی گەیشتە ئاستی بەدەستهێنانی ئەتۆم، هەر ئەم پێشکەوتنە کاریگەریی گەورەی ئابووریی و سەربازیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و....هتد درووست کرد، بە جۆرێک مرۆڤایەتیی پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، کە ئەویش قۆناغی ئەتۆم بوو، ئێرانیش وەک وڵاتێکی گەورە و کاریگەر هەوڵ و هەنگاو و پرۆژە ئەتۆمییەکانی بە هاوکاریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستیان پێکرد، قۆناغ بە قۆناغیش تا کۆتایی سیستمی شاهەنشایی، ئەمریکا یەکەم وڵات بوو، کە زۆرترین رۆڵی لە بونیادنان و پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای ئەتۆمیی لە ئێران دا هەبوو.

گرنگیی و ئامانجی توێژینەوە: گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە، کە چۆن و بۆچی ئەمریکا وەک یەکەم وڵات رێگا خۆشکەر بوو، بۆ ئەوەی گەشە بە وزە و پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران بدات، پاشتر بۆ ئەم بایەخدانەی راگرت، ئامانجیشمان دەرخستنی ئەو راستییەیە، کە ئەو پرۆژە ئەتۆمییەی ئەمریکا خۆی بناغەدانەری سەرەکیی بوو لە ئێران دا، بەڵام دواتر دژایەتیی کرد و هەر لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی (١٩٧٩) وە تا ئێستا، بوو بە یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی ململانێی ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا لەگەڵ ئێران دا.

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە: بە پلەی یەکەم تا ئەم قۆناغەی ئێستا توێژینەوەیەک بە زمانی کوردیی لەم بارەیەوە نەبوو، هەروەها گرنگیی بابەتەکە و کاریگەرییەکانی بوون بە سەرچاوەی حەز و خواستمان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەم بارەیەوە.

سنووری توێژینەوە: دوای ئاماژە کردن بە مێژوویەکی کورتی پەرەسەندنی ئەتۆم لە جیهاندا، سنووری توێژینەوەکەمان لە ساڵی (١٩٥٧)وە دەست پێ دەکات و لە ساڵی (١٩٧٩) بە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران کۆتایی دێت، کە تێیدا بایەخمان بە قۆناغەکانی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای ئەتۆم لە ئێران بە هاوکاریی ئەمریکا داوە.

کێشە و ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە: پێش هەموو شتێک، کەمیی سەرچاوە لە سەر بابەتەکە یەک لە کێشە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بوو، چونکە سەرچاوە لە سەر مەلەفی ئەتۆمیی وڵاتان بە شێوەیەکی گشتیی کەمە، ئێرانیش بە هەمان شێوە، هەروەها بڵاونەکردنەوەی بەشێکی زۆری بەڵگەنامەکان ئەمریکا و ئێران لە سەر ئەم بابەتە کێشەیەکی تری توێژینەوەکەمان بوو، تەنانەت زۆر بە کەمیی ئاماژە بەو زانا ئەتۆمییانەش دراوە، کە لە پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێراندا کاریان کردووە بە بێ بوونی زانیاریی لە سەر ژیاننامەیان.

لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی گشتیی پشت بە چەندین سەرچاوە بە زمانەکانی ئینگلیزیی و عەرەبیی و فارسیی بەستراوە، بۆ سەرجەم قۆناغەکانیش بە شێوەیەکی سەرەکیی پشت بە راپۆرتە تایبەتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) لە سەر تەکنەلۆژیای ئەتۆم لە ئێران و قۆناغەکانی پەرەسەندنی ئەم تەکنەلۆژیایە بەستراوە.

ئەم توێژینەوەیە، لە دەروازەیەک و سێ تەوەری سەرەکیی پێکهاتووە، دەروازە تایبەتە بە کورتەیەک بۆشایی هەیە لە سەر سەرەتاکانی گەشەی وزەی ئەتۆم و کاریگەریی لە سەر ئێران ، لە تەوەری یەکەمیشدا، جەختمان لە سەر هەوڵەکانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی ئەم وزەیە لە نێوان ساڵانی (١٩٥٧-١٩٦٧) و رۆڵی ئەمریکا تێیدا کردۆتەوە، تەوەری دووەم بۆ گەشەسەندنی ئەتۆم بە هاوکاری ئەمریکا لە نێوان ساڵانی (١٩٦٨_-١٩٧٨) تەرخان کراوە، لە تەوەری سێیەمیشدا، کاریگەرییەکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران (١٩٧٩) لە سەر پرۆژە ئەتۆمییەکانیی ئێران و هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بەم پرۆژانە روونکراوەتەوە.

## دەروازە: ئێران و پەرەسەندنی ئەتۆم لە جیهاندا.

بۆ ماوەی چەندین سەدە زاناکان لە لێکۆڵینەوەکانیان لە سەر ئەتۆم و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی پراکتیکیی بەردەوام بوون، بەڵام سەرجەم هەوڵی زاناکان تا سەدەی نۆزدە لە چوارچێوەیەکی تیۆرییدا مایەوە.( ١٩٧٠:١٥,Rinehart and Winston) لە دەیەی سییەکانی سەدەی بیستدا، زانایانی ئەتۆمیی ئەڵمانیی توانیان توێژینەوەکان لە سەر ئەتۆم بگەیەننە ئاستێک، کە بووە سەرەتایەک بۆ درووستکردنی بۆمبی ئەتۆمیی، لە سەرەتای دووەم جەنگی جیهانیشدا لە لایەن هەریەک لە ئەمریکا و ئەڵمانیاوە سەرەتای درووستکردنی بۆمبی ئەتۆمیی دەستی پێ کرد، تا کۆتایی دووەم جەنگی جیهانیی و دوای جەنگیش، تاقیکردنەوەی ئەتۆمیی و بۆمبی هایدرۆجینیی بە شێوەیەکی مەترسیدار بە ژمارەیەک لە وڵاتانی جیهاندا بڵاو بووەوە، هەرچەندە هەوڵێکی زۆر بۆ سنووردارکردنی کووره ئەتۆمیەکانیی پیتاندنی یۆرانیۆم هاتە کایەوە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی ئەرێنیی لێ بە دەست نەهات (٢٩-٢٠٠٥:٢٨,Chater)، لە دوای دووەم جەنگی جیهانیی بە گشتیی و بە تایبەتیی لە ساڵی (١٩٤٩)وە، ئەمریکا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی چەکی ئەتۆمیی لە جیهاندا دا، چونکە لە چوارچێوەی ململانێ و پێشبڕکێکانی جەنگی سارددا، مەترسییەکی گەورە لە سەر بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمیی لە جیهاندا درووست بوو (Zrost, ٢٠١٣: ٣)، دواتریش سەرۆکی ئەمریکا (دوایت ئایزنهاوە Dwiet Eisenhower ١٩٥٣-١٩٦١) لە میانەی وتارێکی لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی(٨/کانونی یەکەمی/١٩٥٣) بە ناونیشانی (ئەتۆم لە پێناوی ئاشتییدا) جەختی لە سەر بەرگرتن بە بڵاوونەوەی زیاتری تاقیکردنەوە ئەتۆمیی و پەرەسەندنە ئەتۆمییەکان لە بواری سەربازییدا کردەوە ( ١٩٥٣:٢,United Nations).لەم قۆناغەشدا (٣٧) وڵات هەوڵی بەهێزکردنی پرۆگرامە ئەتۆمییەکانیی خۆیان ئەدا، یەک لەو وڵاتانەش کە لە هەوڵی بەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمدا بوو، ئێران بوو، بەڵام ئەمریکا جەختیی لە سەر ئەوە کردەوە، کۆی ئەو وڵاتانەی لە هەوڵی بەهێزکردن و فراوانکردنی پرۆژە ئەتۆمییەکانیاندان، سەرجەمیان خواستی بەدەستهێنانیی چەکی ئەتۆمییان هەیە.(Zrost, ٢٠١٣: ٣) سەرەڕای بانگەشەی ئەمریکا بۆ سنووردارکردنی چالاکیی ئەتۆمیی، بەڵام بەشێکی دیاری وڵاتان لە پەرەپێدانیی پرۆگرامیی ئەتۆمیی خۆیان لە رووی سەربازییەوە هەر بەردەوام بوون (٢٠١٧:٣٧,Prosser). ڕاستەوخۆیش لە دوای دووەم جەنگی جیهانییەوە خواستی ئێران بۆ بەدەستهێنانی وزەی ئەتۆم دەستی پێ کرد، خودی (محمد رەزا شای پەهلەوی ١٩٤١_-١٩٧٩) گەورەترین خواستیی بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای ئەتۆمیی هەبوو(Hamilton, ٢٠١٠:٨). بە شێوەیەکی کرداریش، دەستپێکی هەوڵەکانی ئێرانیش بۆ بەدەستهێنانی وزەی ئەتۆم، بۆ پەنجاکانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە، ئەوەبوو هەر لە سەرەتای دەیەی پەنجاکانەوە ئێران داوای لە ئەمریکا کرد، بۆ ئەوەی لە گەشەپێدانی وزەی ئەتۆم لە بواری مەدەنییدا هاوکاریی بکات .(جعفری و خویگانی،١٣٩٤:٤ ) ئەمریکایش لەم قۆناغەدا بڕیاریدا، هاوکاریی دۆست و هاوپەیمانەکانی لە گەشەپێدانی وزەی ئەتۆمدا بکات، بەڵام تەنها لە بواریی مەدەنیدا، یەک لەو وڵاتانەش ئایزنهاوەری سەرۆکی ئەمریکا ئاماژەی پێ کرد، ئێران بوو (Hamilton, ٢٠١٠:٧).

بەم شێوەیە لە نیوەی یەکەمیی سەدەی بیستدا، تەکنەلۆژیای ئەتۆم بە شێوەیەکیی بەرچاو پەرەسەندنی گەورەی بە خۆوە بینیی، لەگەڵ ئەوەی ئێران هەر لە دوای دووەم جەنگی جیهانییەوە، هەوڵێکی زۆری خستە گەڕ بۆ دەستهێنانی ئەم تەکنەلۆژیا نوێیە، بەڵام دوای ڕەزامەندی ئەمریکا، لە نیوەی دووەمیی دەیەی پەنجاکاندا توانی بناغەی ئەم تەکنەلۆژیا نوێیە لە وڵاتەکەیدا دابنێت.

## ١_ئەمریکا و هەوڵەکانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی پرۆژەی ئەتۆمیی(١٩٥٧-١٩٦٧).

سەرەتاکانی هاوکاریی و هەماهەنگیی ئەمریکا بۆ ئێران، لە بواری ئەتۆمدا، بۆ ئیدارەی (دوایت ئایزنهاوەر- Dwiet Eisenhower ) ئەگەڕێتەوە، ئەمەش دوابەدوای دەستپێشخەرییە گەوورەکەی ئایزنهاوەر هات، لە ژێر ناوی (ئەتۆم لە پێناوی ئاشتییدا_ Atom for Peace)، کە دواتر بوو بە پرۆژەیەک، ئەمریکا ئەیتوانی هاوکاریی وڵاتە هاوپەیمان و دۆستەکانی لە بواری دامەزراندنی وێستگەی ئەتۆمیی بکات، بەڵام بە مەرجی بەکارهێنانی لە بواری مەدەنییدا ( United Nations,١٩٥٣:٢_٣). لە قۆناغی دەسەڵاتی (د.موسەددەق) یشەوە (١٩٥١-_١٩٥٣)، ئەمریکا دەستپێشخەری دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی ئەتۆمیی بۆ ئێران کرد، ئەمەش ئەو خواستە بوو کە شای ئێران بە دوایدا ئەگەڕا. دوای گفتوگۆی نێوانیشیان (Hamilton, ٢٠١٠:٧)، ساڵی (١٩٥٧) ئەمریکا و ئێران ڕێکەوتننامەی هەماهەنگیی نێوانیان بۆ بەکارهێنانی مەدەنییانەی ئەتۆم واژوو کرد( Islam,٢٠١٣: ٢٤٩)، کە بە پێی ڕێکەوتننامەکە، ئەمریکا ئەبوو تەکنەلۆژیای ئەتۆمیی لە بواری مەدەنیی بە ئێران بفرۆشێت و هەروەها زانیاریی سەبارەت بە دیزاینی بونیادنان ، کارپێکردنی کوورەکانی لێکۆڵینەوەی ئەتۆمیی، گەشەپێدانی پرۆگرامەکانی لێکۆڵینەوە، جگە لەوە ئامێر و پێداویستییە ئەندازارییەکان بۆ ئێران دابین بکات (Barth,٢٠١٠:١٩). لە هەمان ساڵدا، و دوای پاڵپشتییەکانی ئەمریکا، شای ئێران بڕیاری دامەزراندنی سەنتەرێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ئەتۆمیی دا (N.T.I,٢٠١١:٥٧٠)، دوو ساڵی دواتر و لە ساڵی (١٩٥٩) شای ئێران ڕایگەیاند، کە :" پلانەکەی بۆ بونیادنانی سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی ئەتۆمیی لە زانکۆی تاران لەگەڵ دابینکردنی سەرچاوەیەکی وزەی پێنج (٥)مێگاواتیی سەرکەوتوو بووە." (Islam,٢٠١٣: ٢٤٩). لێرە بە دواوە، ئێران بە هاوکاریی ئەمریکا هەنگاوی بۆ دامەزراندنی کوورەی ئەتۆمیی و وێستگەی وزەی ئەتۆمیی بۆ کاری لێکۆڵینەوەی زانستیی نا (Charnysh, ١١). ساڵی (١٩٥٩) ئێران کوورەی گەرمیی (حراري) بۆ کاری لێکۆڵینەوەی ئەتۆمیی لە ئەمریکا کڕیی (Hamilton, ٢٠١٠:٩). هەر لەم قۆناغەوە و لە چوارچێوەی ململانێکانی جەنگی ساردا، ئەمریکا ئەیویست ئێران بە بلۆک و سەربازگەی ڕۆژئاواوە ببەستێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پاڵپشتیی و هاوکاریی لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی کۆمۆنیزمیی سۆڤێت بکات (الصمادي، ٣).

دوای ئیدارەی ئایزنهاوەر، هەریەک لە ئیدارەکانی (جۆن کەنەدی_-John F. Keenedy)(١٩٦١_١٩٦٣)و(لیندۆن جۆنسن Lyndon B. Johnson)(١٩٦٣_١٩٦٩)، سیاسەتێکی جیاوازیان لە ئیدارەی پێشتر لە بواریی ئەتۆمدا هەبوو، چونکە مەترسییەکی گەورە یان لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمیی لە وڵاتانی جیهاندا هەبوو، هەر لە چوارچێوەی سیاسەتی ئیدارەکەیدا، کەنەدی بە شێوەیەکی تایبەتیی و ڕاستەوخۆ جەختی لە سەر ئێران کردەوە، لە چاودێرییکردنی وردی هەنگاوە ئەتۆمییەکانی، بەڵام ئێران لە سەر خواستەکانی خۆی بۆ بەدەستهێنانی وزەی ئەتۆم هەر بەردەوام بوو (Hamilton, ٢٠١٠:٤٣) . لە چڕبوونەوەی زیاتری ململانێکانی جەنگی سارد و زیادبوونی مەترسییەکانی هەژموونی سۆڤێت لە سەر ئێران، ستافێک لە ژەنەراڵەکانی پنتاگۆن پێشنیازی ئەوەیان بۆ کەنەدی کرد، کە ئێران بکەن بە یەکێک لە پێگە ئەتۆمیەکانی ئەمریکا لە بەرامبەر پەرەسەندنی هەژموون و مەترسییەکانی یەکێتی سۆڤێت (N.T.I,٢٠١١:٥٦٩)، بەریتانیاش پاڵپشتی ئەم پێشنیازەی کرد و پێی وابوو، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، پێویستیان بە ئێرانێکی ئەتۆمیی هەیە. (بردبار و سروی،١٣٩٤: ١٠٤) بەڵام ئەم پێشنیازە لە لایەن کۆشکی سپییەوە ڕەتکرایەوە (N.T.I,٢٠١١:٥٦٩)، دوای تیرۆرکردنی کەنەدیش، ئیدارەی (لیندۆن جۆنسنLyndon B. Johnson-) لەگەڵ دابینکردنی تەکنەلۆژیای

سەربازییدا بوو بۆ ئێران، بەڵام لە ئاستێکی سنووردارا، ئەم سیاسەتە بە هەمان شێوە بە پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێرانەوە پەیوەندییدار بوو، بەڵام ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٥_-١٩٦٧) قۆناغێکیی نوێ و گرنگ لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێران دەستی پێ کردەوە، چونکە ئەمریکا دەستی بە فرۆشتنی چەک و جبەخانەی قوورس بە ئێران کردەوە، ئەم سیاسەتە نوێیەی ئەمریکایش بۆ نزیکبوونەوەی شای ئێران لە یەکێتی سۆڤێت ئەگەڕایەوە، هەر لەو چوارچێوەیەدا، ئەمریکا دەستی بە هاوکاریی و پاڵپشتییە ئەتۆمییەکانی خۆی بۆ ئێران کردەوە و (٥,٥٨٥)کگم یۆرانیۆم، کە (٩٣٪)ی یۆرانیۆمیی پیتێنراو بوو بۆ ئێران دابین کرد، ئەم هەنگاوەی ئەمریکا لە پێناو ئەوەدا بوو، کە ئێران وەک هاوپەیمان و هەوادارێکی ئەمریکا لە ناوچەکە بهێڵێتەوە (Hamilton, ٢٠١٠:٤٥-٤٦). هەر لە ساڵی (١٩٦٧)دا بوو، ئەمریکا بۆ یەکەم جار کوورەی ئەتۆمیی بە ئێران فرۆشت (Siegel and Foroush, ٢٠١٣:٣) و لە هەمان ساڵدا، دەزگایەکی لیکۆڵینەوەی ئەتۆمییشی بۆ زانکۆی تاران دامەزراند، کە ساڵانە توانای بەرهەمهێنانی (٦٠٠)گم مادەی (پلۆتۆنیۆم)ی هەبوو.(المطيري، ٢٠١١: ٤٥) لە هەمان کاتدا (٥,٥٤٥)کگم یۆرانیۆمی نەپیتێنراوی بۆ ئێران دابین کرد، کە (٥,١٦٥)کگم ی تایبەت بوو بە سووتەمەنیی کوورە ئەتۆمییەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا بڕی (١١٢)گم پلۆتۆنیۆمی بۆ لێکۆلینەوەی زانستیی بۆ ئێران دابین کرد (N.T.I,٢٠١١:٥٦٣)، جگە لە ئەمریکا، ئێران ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ فەرەنسا بۆ بونیادنانی دامەزراوەی ئەتۆمیی لە خوزستان واژوو کرد (المطيري، ٢٠١١: ٤٥).

بەم شێوەیە لە نێوان ساڵانی (١٩٥٧-_١٩٦٧) ئەمریکا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕۆڵێکی گەورەی لە دانانی بناغەی پرۆژە و لێکۆڵینەوە ئەتۆمییەکانی ئێراندا هەبوو، فاکتەری سەرەکیی ئەم هاوکارییانەی ئەمریکایش بۆ ئێران ئەوە بوو، ئەمریکا ئەیویست ئێران لە کاریگەرییەکانی سۆڤێت بە دوور بگرێت و وەک هاوپەیمانێکی بەهێزیی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی کەنداو بیهێڵێتەوە.

## ٢-ڕۆڵی ئەمریکا لە پەرەسەندنی پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران (١٩٦٨-١٩٧٨)

ساڵی (١٩٦٨) پەیماننامەی (بەرگرتن بە بڵاوبوونەوەی چەکە ئەتۆمییەکان-Nuclear Non-Proliferation Treaty-N.P.T ) واژوو کرا، کە بە پێیی ئەم پەیماننامەیە تەنها پێنج دەوڵەت بۆیان هەبوو چەکی ئەتۆمییان هەبێت، ئەوانیش (ئەمریکا، یەکێتی سۆڤێت، بەریتانیا، فەرەنسا، چین) بوون(Charnysh, ١). لە (١/حوزەیرانی/١٩٦٨) ئێران پەیماننامەی (N.P.T) واژوو کرد، کە دواتر لە (٢/شوباتی/١٩٧٠) لە لایەن پەرلەمانی ئێرانەوە تەسدیق کرا، دوای چوار ساڵیش لەم موسادەقەیە، ئێران ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ (ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم-International Atomic Energy Agency – I.A.E.A)١ واژوو کرد، پاشان ئێران ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ئەمریکا واژوو کرد، کە بە پێی ئەم ڕێکەوتننامە نوێیە، ئەمریکا ئەبوو بۆ ماوەی دە (١٠) ساڵ پاڵپشتیی و هاوکاریی ئەتۆمیی بۆ ئێران دابین بکات (Hamilton, ٢٠١٠:١٠)، هەموو ئەمانەش بۆ وڵاتێکی وەک ئێران گرنگ بوو، چونکە لەم قۆناغە بە دواوە ڕەزامەندیی( I.A.E.A) بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامە ئەتۆمییەکانی لە چوارچێوەی مەدەنییدا بەدەستهێنا.(C.C.S.A, ٢٠١٢:٤) لە هەمان

١- ئاژانسیی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم( I.A.E.A):ڕێکخراوێکی ناحکومیی سەربەخۆیە و کارەکانی خۆی لە ژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکاندا ئەکات، ساڵی (١٩٥٧) لە ڤیەنای پایتەختی نەمسا دامەزراوە، ئەرکی سەرەکیی هاندانی وڵاتانی خاوەن ئەتۆمە بۆ بەکارهێنانی ئەم وزەیە لە بواری مەدەنیی و خۆبەدوورگرتن لە بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیی، هەروەها ئەم ڕێکخراوە بە کاری چاودێریی و پشکنینی ئەو وڵاتانە هەڵئەستێت، کە خاوەن دەزگا و کوورە و پرۆژەی ئەتۆمیین.( Fischer,١٩٩٧:٥٧-٥٩)

قۆناغدا، (عەلی ئەکبەری ئیعتیماد) زانای فیزیایی ئێرانیی ڕۆڵێکی گەورە و لەبەرچاوی هەبوو (قرشی،١٣٩٣: ١٢٦). دوای پاشەکشەی بەریتانیاش لە ناوچەی کەنداو لە ساڵی (١٩٦٨)، ئەمریکا پاڵپشتیی و هاوکاریی زیاتری ئێرانی لە ڕووی سەربازییەوە کرد(مليحة،٢٠١٢: ١٦٩). بەم هەنگاوانەیشی ئەمریکا لەوەدا سەرکەوتوو بوو، کە زۆرترین هەژموونیی خۆی بە سەر ئێران دا سەپاند، لە سەر ئاستی دەرەکیش ئێرانی کردبوو بە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەی کەنداو و ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی سۆڤێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (الضيعان،٢٠١١: ٢٣٤).

(ریچارد نیکسن_ Richard Nixon)یش (١٩٦٩_١٩٧٤)، وەک سەرۆکی نوێی ئەمریکا، لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە و لە ساڵی (١٩٦٩) ڕەزامەند بوو لە سەر ئەو ڕێکەوتننامەیەی لە ساڵی (١٩٥٧) لە نێوان ئەمریکا و ئێران بۆ هاوکاریی و بەکارهێنانی وزەی ئەتۆمیی لە بواری مەدەنییدا واژوو کرابوو، ئەم هەنگاوەیش تا پانزە ساڵی دواتر لە نێوان هەردوو لادا باسی لێوەکرا، دواتر لە )دۆکترینی نیکسن٢(Nixon Doctrine-دا زیاتر چەسپا (Hamilton, ٢٠١٠:٤٦). لە سەر بنەمای دۆکترینەکەش، ئەمریکا بڕیاریدا، بڕێکی زۆر چەکی قورس جگە لە چەکی ئەتۆمیی بە ئێران بفرۆشێت،(Cossa,١٩٩٠: ٧٦) تەنانەت فڕۆکەی جۆری (F-١٤) و (F-١٥) لە چوارچێوەی ئەو چەکە نوێیانە بوون، کە ئەمریکا بە ئێرانی فرۆشت. (مليحة،٢٠١٢: ١٧٠)بەم هەنگاوەی ئیدارەی نیکسنیش، ئێران بووە بەهێزترین وڵاتی ناوچەی کەنداو لە ڕووی سەربازییەوە(Cossa,١٩٩٠: ٧٦). هەر کاریگەرییەکانی دۆکترینی نیکسن، ئێرانیی وەک زلهێزێک، کردە جێگرەوەی بەریتانیا بۆ پارێزگاریی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لە ناوچەی کەنداو(Jasper,١٩٩٧:x).

ساڵی (١٩٧٣)یش جەنگی (يوم الغفران)ی نێوان عەرەب_ئیسرائیل، هەلێکی تری دایە دەست ئێران بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی، چونکە کاتێک وڵاتانی عەرەبیی ئەندامی (OPEC) ڕاگرتنی پەترۆڵیان وەک چەکێک دژ بە ئەمریکا بەکارهێنا لە بەرامبەر پاڵپشتییەکانی بۆ ئیسرائیل، نرخی یەک بەرمیل پەترۆڵ لە (٣,١) دۆلارەوە بۆ (١١,٦٥)دۆلار بەرز بۆوە، کە نزیکەی (٣٠٠٪) بەرزبوونەوەی نرخی پەترۆڵی ئەکرد، هەرچەندە ئێران نەچووە ریزی وڵاتانی عەرەبییەوە، بەڵام لە یەک کاتدا (٦٠٠)هەزار بەرمیلی بەرهەمهێنانی پەترۆڵی ڕۆژانەیشی زیاد کرد و بە نرخی زیاتریش لە پێشتر ئەیفرۆشت (المطيري، ٢٠١١: ٤٥)، لە هەمان کاتدا ڕێژەی ناردنی پەترۆڵی خۆی (٤٠٠٪) زیاد کرد و (Valadai Discussing Club,٢٠١٦:١١-١٢ ) پلانێکی پێنج ساڵەی بۆ پرۆژەکانی خۆی بە بڕی (٢١_-٣٢) ملیار دۆلار داڕشت، بەجۆرێک (٤٠٪) بۆ بواریی سەربازیی تەرخان کرد(مهدوی،١٣٧٥:٤١٣). بەمەش ئێران سوودێکی گەورەی لەو دۆخە بینیی، بە جۆرێک کاریگەریی گەورەی لە سەر خێراترکردنی پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران هەبوو (المطيري، ٢٠١١: ٤٥).

بە لە بەرچاو گرتنی ئەو دۆخە نوێیەی ڕووبەڕووی ئەمریکا بووەوە، ئیدارەی نیکسن بڕیاریدا هاوکاریی زیاتری پەرەپێدانیی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران بکات، هاوکاریی و هەماهەنگییەکانی ئەمریکا بۆ ئێران بە جۆریک فراوان کران، تا ئەو رادەیەی «شای ئێران» رایگەیاند :" لە ماوەیەکی نزیکدا ئێران ئەبێتە خاوەنی (٢٣) هەزار مێگاوات کارەبا لە سەرچاوەی وزەی ئەتۆمییەکانی"، ئەوە بوو پاشتر لەمانگی (حوزەیرانی/١٩٧٤) دا نیکسن ڕەزامەندی لە سەر فرۆشتنی دوو وێستگەی ئەتۆمیی بە ئێران دەربڕی (Hamilton, ٢٠١٠:٤٨). بەڵام بە پێی ڕێکەوتنێکی تری نێوان ئێران و (ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم- I.A.E.A) ئەبوو ئێران

---

٢ (ریچارد نیکسن)ی سەرۆکی ئەمریکا لە (٢٤/تەموزی/١٩٦٩) لە دوورگەی (گوام) لە زەریای هێمن ئەم دۆکترینەی ڕاگەیاند، کە بە شێوەیەکی تایبەتیی جەختی لە سەر هاوکاریی و پاڵپشتی کۆی ئەو هاوپەیمان و دۆستانەی ئەمریکا کردەوە، کە مەترسیی کۆمۆنیزم و جوڵانەوەی کۆمۆنیزمیان لە سەرە، بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانە بتوانن هەر چەشنە یاخیبوون و مەترسیەکی کۆمۆنیستیی لە وڵاتەکانیان کۆنترۆڵ بکەن.(Gooler,١٩٧٣:٤_٥)

بـە بەکارهێنـانی ئاشـتییانە و مەدەنییانـەی وزەی ئەتۆمیـی لـە چوارچێـوەی وڵاتەکەیـدا پابەنـد بـێ.( I.A.E.A, ١٩٧٤:١).

لـە سـەرەتای دەیـەی هەفتاکانـدا، ژمارەیـەک زانـای بـواری ئەتۆمیـی ئەمریـکا و چەنـد زانایەکـی تـری ئەورووپایی، بـە مەبەسـتی بونیادنـانی بەشـەکانی تاقیگـەی ئەتۆمیـی لـە زانکـۆکانی ئێـران گەیشـتنە تـاران، بـە شـێوەیەکی کردارییش ژمارەیـەک بـەشی نوێیـان لـە زانکـۆکانی ئێـران بونیـاد نـا، دواتـر شـای ئێـران لـە سـاڵی (١٩٧٤) رقیگەیاند :" خواستـەکەمان بـۆ بونیادنانـی پرۆگرامـی وزەی ئەتۆمیـی بـە ئەنجـام گەیشـت." هەرچەنـدە لـە هەمـان سـاڵدا (١٩٧٤ )ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی سـتانفۆرد_ -Stanford Research Institute) سـەبارەت بـە پـرۆژەی ئەتۆمیـی ئێرانیـی ئـەوەی ئاشـکرا کـرد، کـە ئێـران لـە مـاوەی بیسـت (٢٠) سـاڵدا پێویسـتیی بـە (٢٠) هـەزار مێـگاوات کارەبـا ئەبێـت، بۆشـایی هەیـە ئەمـەش بـۆ ئـەم وڵاتـە ئەسـتەمە، بـەڵام بەرزبوونـەوەی نرخـی پەتـرۆل هەلێکـی گـەورەی دابـووە دەسـت ئێـران، بـۆ ئـەوەی پاڵپشـتیی دارایـی گـەورەی زیاتـری پـرۆژە ئەتۆمییەکـەی پـێ بـکات، بـەو هۆیەشـەوە شـا رایگەیانـد:" لـە نزیکتریـن کاتـدا لـە سـەرچاوە ئەتۆمیەکانـی ئێـران، ئەگەینـە ئامانجـی بونیادنـانی (٢٣) هـەزار مێـگاواتی وزەی کارەبـا." لـە دوای ئـەم راگەیاندنـەی «شـا» وە، سـاڵی (١٩٧٤)(رێکخـراوی وزەی ئەتۆمیـی ئێرانیـی – Atomic Energy Organization of Iran –A.E.O.I) بـە سـەرۆکایەتی زانـای ئەتۆمیـی ئێرانیـی (د.عـەلی ئەکبـەری ئیعتیـماد) دامـەزرا، کـە دواتـر نازنـاوی باوکـی ئەتۆمیـی ئێرانیـی وەرگـرت(Hamilton, ٢٠١٠:١١). ئـەم رێکخـراوە سەرپەرشـتی وردی گەشـەپێدانی پرۆگـرام و چالاکییـە ئەتۆمییـەکانی ئێرانـی ئەکـرد (الـراوي،٢٠٠٨: ١١٤)، سـەدان زانـا و ئەندازیـار و بەڕێوەبـەری پرۆگـرام کاریـان تێـدا ئەکـرد، لـە هەمـان کاتـدا بـووە گەورەتریـن دەسـتگای نیشـتیمانیی ئێرانیـی بـواری پرۆگرامـی ئەتۆمیـی(Barth,٢٠١٠,١٩)، لـە دوو سـاڵی یەکەمـی دامەزراندنیشـیدا، زیـاد لـە (١٠٠٠)هـەزار کـەسی پسـپۆری تـر لـەم رێکخـراوە دامـەزرا و بودجەکەیـشی لـە (٣٠,٨) ملیـۆن دۆلاری سـاڵی (١٩٧٥)وە بـۆ (١) ملیـار دۆلاری سـاڵی (١٩٧٨) بـەرز کرایـەوە، هەریـەک لـە شـای ئێـران و (ئەمیـر عەبـاس هوەیـدا)ی سـەرۆک وەزیرانیـش، پاڵپشـتیی و هاوکاریـی راسـتەوخۆی ئـەم رێکخـراوە ئەتۆمییـەی ئێرانیـان ئەکـرد (Barth,٢٠١٠,٢٥) هـەر لـە سـاڵی (١٩٧٤)دا، شـای ئێـران (بنکـەی ئەمیـر ئابـادی بـۆ لێکۆڵینـەوەی ئەتۆمیـی ) لـە زانکـۆی تـاران کـردەوە و لـە هەمـان کاتـدا دامەزرانـدنی هەشـت (٨) کـوورەی نوێـی ئەتۆمیـی لـە ئێـران راگەیانـد (مليحـة،٢٠١٢، ١٧٥).

سـاڵی (١٩٧٥)یـش رێگـە بـە ئێـران درا بـۆ کڕینـی (٪١٠)ی پشـکەکانی (Eurodif)، کـە کۆمپانیایەکـی بواری بۆشـایی هەیـە پەرەپێدانیـی یۆرانیۆمـی هەریـەک لـە وڵاتـانی فەرەنسـا و بەلجیکا و ئیسـپانیا و ئیتاڵیا بوو، پاشـان ئێـران توانی پرۆگرامـە ئەتۆمییەکـەی بـە واژووکـردنی ژمارەیـەک گرێبەسـت لەگـەڵ یەکێتـی باشـووری ئەفریقـا زیاتـر پـەرە پـێ بـدات، دوای هەمـوو ئـەم هەنگاوانـەش، ئێـران تـوانی ببێتە خـاوەن توانایەکـی سـەرچاوەی وزەی ئەتۆمیـی لۆکاڵیی. کـۆی ئـەم هەنـگاو و هەوڵانـەی ئێرانیـش بـە هـاوکاری ئەمریـکا بـوو، لـە هەنگاوێکـی تـردا و لـە (ئـازاری/١٩٧٥) دا، ڕرێکەوتننامەیەکـی (١٥)ملیـۆن دۆلاریـی لەگـەڵ ئەمریـکا یارمەتیـدەری ئێـران بـوو بـۆ بونیادنـانی هەشـت (٨) کـوورەی ئەتۆمیـی نـوێ، ئەیانتـوانی (٨)هـەزار مێـگاوات کارەبـا بـۆ ئێـران دابیـن بکـەن (Hamilton, ٢٠١٠:١٣).

هەروەهـا لـە دەیـەی هەفتاکانـدا، ئەڵمانیا یەکێـک بـوو لـەو وڵاتانـەی کـە رۆڵـی بەرچـاوی لـە گەشـەپێدانی پـرۆژە ئەتۆمییەکانـی ئێـران دا هەبـوو، بـەڵام سـەرجەم گرێبەسـت و پـرۆژەکانی ئەڵمانیـا لـە ئێـران لـە ژێـر چاودێریـی وردی ئەمریـکادا بوو.(جعفـری و خویـگانی، ١٣٩٤:٣) بـەم هەنگاوانـەشی، ئێـران بـوو بـە یەکـەم وڵاتی رۆژهـەڵاتی

ناوەڕاست، کە وزەی کارەبای لە ئەتۆم بەرهەمهێنا(Vaez and jadpour,٢٠١٣:٤). دوای پەرەسەندنی پرۆژە ئەتۆمییەکانی، لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٥)دا ئێران ویستی لە ڕێگەی گرێبەستێکەوە لە گەڵ پسپۆرانی ئەتۆمیی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، دەزگایەکی تایبەتی ئێرانیی بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم بۆ پلۆتۆنیۆم دابمەزرێنێت، مەبەستی سەرەکیی ئێرانیش ئەوە بوو، لە داهاتودا بە بێ پاڵپشتی دەرەکیی چەکی ئەتۆمیی درووست بکات، بەڵام ئەم هەوڵەی ئێران شکستی هێنا، چونکە ئەمریکا ڕاستەوخۆ دەستوەردانی تێدا کرد و بە تەواوەتیی ڕێی لەو گرێبەستە گرت(الهبیدة،٢٠١٣: ٢٩). بەریتانیاش بە هەمان شێوە پاڵپشتیی ئەم هەنگاوەی ئێرانی نەکرد، چونکە نەیئەویست ئێران هاوشێوەی هیندستان ببێت بە هێزێکی ئەتۆمیی(Ansari,٢٠١٧: ٢)، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا، کۆمپانیا بەریتانییەکان ڕۆڵیان لە پەرەپێدانیی پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران دا هەبوو، بەڵام بەراورد بە کۆمپانیا ئەمریکیی و ئەڵمانیی و فەرەنسییەکان، کەمتر و سنووردارتر بوو(Ansari,٢٠١٧: ٤). سەرەڕای ژمارەیەک لە بەربەستەکان، بەڵام ئێران لەم قۆناغەوە ویستی ئەتۆم تەنها سەرچاوەیەکی وزە نەبێت، بەڵکو ئامانجی ئەوە بوو بیکات بە بنەمایەکیش بۆ گەشەسەندنی گەورەی بواری ئابووریی لە وڵاتەکەیدا. (قرشی،١٣٩٣: ١٢٧) لە هەنگاوێکی تردا و هەر لە ساڵی (١٩٧٥) (هێنری کیسینجەر_-Henry Kissinger) ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و (هۆشەنگ ئەنساری)ی وەزیری دارایی ئێران، ڕێکەوتننامەیەکی بازرگانییان واژوو کرد، کە تێیدا هەشت (٨) کوورەی ئەتۆمیی بە بڕی (٦,٤) ملیار دۆلار بۆ ئێران لە خۆ گرتبوو، لە هەمان ساڵدا ئەمریکا ڕەزامەندیی لە سەر دابینکردنی (٢) دوو کوورەی ئەتۆمیی بە توانای (١٢٠٠) مێگاوات و پاشان دابینکردنی (٦) کوورەی ئەتۆمیی تر، بە توانای (٨٠٠٠) مێگاوات کارەبا بۆ ئێران دەربڕی، لە هەمان ساڵدا ئێران ڕێکەوتننامەیەکی هاوکاریی ئەتۆمیی لەگەڵ هیندستان واژوو کرد(N.T.I,٢٠١١:٥٦٢). لە هەمان قۆناغدا و تا ساڵی (١٩٧٦) بۆ ئەوەی پرۆژە ئەتۆمییەکانیان بکەن بە پرۆژەیەکی هاوبەشی ئەتۆمیی (هەرێمیی)، هەریەک لە ئێران و پاکستان لێک نزیکبوونەوە و گفتوگۆیان لەو بارەیەوە دەست پێ کرد، بەڵام ئەمریکا ئێرانیی لەوە ئاگادار کردەوە، کە خۆی لە هەر جۆرە پرۆژەیەکی لەو شێوەیە بە دوور بگرێت(Tomotsugu, ٢٠١٦: ١٨٠).

بەم شێوەیە ساڵی (١٩٧٥_-١٩٧٦)، ئێران لە گفتوگۆ و هەوڵەکانی لەگەڵ ئەمریکا بەردەوام بوو لە بواری پیتاندنی یۆرانیۆم و دووبارە پرۆسیسەکردنی وێستگە ئەتۆمییەکانی (N.T.I,٢٠١١:٥٦٣)، ساڵی (١٩٧٦) دوای ڕێکەوتنی نێوانیان، ئەمریکا بڕی (٢٢٦)کگم یۆرانیۆمیی نەپیتێنراوی بە ئێران فرۆشت (N.T.I,٢٠١١:٥٦٢). تا ساڵی (١٩٧٧)، ئێران ژمارەیەک ڕێکەوتننامەی تری لەگەڵ ئەمریکا واژوو کرد، کە تایبەت بوون بە ئاڵوگۆڕی تەکنەلۆژیای ئەتۆمیی و هەماهەنگیی نێوانیان لە بواری سەلامەتی ئەتۆمیی (Hamilton, ٢٠١٠:١٣). ساڵی (١٩٧٧) پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران بە شێوەیەکی وەها فراوان بوون، کە زیاد لە (٣٨٠٠)خەڵکانی پسپۆڕ و تەکنیککار و ئەندازیار کاریان تێدا ئەکرد، ژمارەی زانایانی ئەتۆمیش لە (٦٧) زانای ساڵی (١٩٧٤)وە گەیشتە (٨٦٢) زانا لە ساڵی (١٩٧٧)دا، قۆناغ لە دوای قۆناغیش بودجەی دابینکرا و بۆ پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران لە زیادبووندا بوو، بە جۆرێک لە (٣٠,٨) ملیۆن دۆلاریی ساڵی (١٩٧٥)وە بۆ (١,٣) ملیار دۆلاریی ساڵی (١٩٧٦) و پاشان بۆ (٣) ملیار دۆلاریی ساڵی (١٩٧٧) بەرز بۆوە (Vaez and jadpour,٢٠١٣:٤). لە پێناوی بونیادنانی (٦_-٨) دەستگای ساردکەرەوەی کوورەی ئەتۆمیی لە (٨/حوزەیرانی/١٩٧٨) ئێران ڕێکەوتننامەی نوێی لەگەڵ ئەمریکا واژوو کرد، کە بە (ڕێکەوتننامەی وزەی ئەتۆمیی ئەمریکا_-ئێرانU.S_ Iran Nuclear

Energy Agreement -) نـاسرا (Hamilton, ٢٠١٠:١٣_١٤).

لـە پێنـاوی گواسـتنەوەی ئێـران بـۆ وڵاتێکـی مۆدێـرن و پیشـەسازییەکی پاڵپشـت بـە وزەی ئەتۆمیـی، بـە درێژایـی دەیـەی هەفتـاکان، ئێـران بـەردەوام بـوو لـە پەرەپێـدانی پرۆگرامـە ئەتۆمییـەکانی، لەگـەڵ ئـەوەی شـای ئێـران بـەردەوام جەختـی لـە سـەر بەکارهێنانـی ئاشـتییانەی تەکنەلۆژیـای وزەی ئـەتۆم ئەکـردەوە، بـەڵام دواتـر هەروەک وەزیـری دادی ئێـران بـاسی لێـوە کردبـوو:" شـای ئێـران تێڕوانینێکـی گـەورەی بـۆ داهاتـووی وڵاتەکـەی هەبـوو، کـە لـە نێویانـدا درووسـتکردنی توانایەکـی بەرگریـی ئەتۆمیـی بـوو." (Charnysh, ١١).چونکـە شـای ئێـران پێـی وابـوو، ئـەو ناتوانێـت تەنهـا لـە رێگـای چەکـی تەقلیدییـەوە کۆنترۆڵـی تەواوەتیـی ناوچـەی کەنـداو بـکات، بەڵکـو ئـەو ئەیویسـت ببێـت بـە یەکـەم هێـزی ئەتۆمیـی ناوچـەی کەنـداو و لـەو رێگەیـەوە کۆنترۆڵـی تەواوەتـی خـۆی بـە سـەر ناوچەکـە بسـەپێنێت. (الهبیـدة،٢٠١٣: ٣٠) کاربەدەسـتانی بـاڵای ئەمریـکاش، ئـەو راسـتیەیان ئـەزانی، هـەر لەبـەر ئـەوە و لـە دەیـەی هەفتاکانـدا ئەمریکا چەنديـن جـار ئامـاژەی بـەوە کـرد ، کـە شـای ئێـران تـا رادەی بەدەسـتهێنانی چەکـی ئەتۆمیـی گرنگیـی گـەورە بـە پـرۆژە ئەتۆمییـەکانی ئـەدات(N.T.I,٢٠١١:٥٥٢).

لـە ساڵی (١٩٧٨) ئەمریـکا رێکەوتننامەیەکـی نوێـی هاوکاریـی ئەتۆمیـی لەگـەڵ ئێران واژوو کـرد، لـە چوارچێوەی رێکەوتنـی نوێـی نێوانیشـیاندا، ئێـران داوای لـە ئەمریـکا کـرد، کـە هاوکاریـی بـکات لـە بەرەوپێشـبردنی زیاتـری پـرۆژە ئەتۆمییـەکانی و لێـرە بـە دواوە ئێـران بتوانێـت کـوورەی پیتانـدنی یۆرانیۆمـی نەپیتێـنراو بـۆ پلۆتۆنیـۆم لـە ئەمریـکا بکڕێـت، ئیـدارەی (جیمـی کارتـەر_Jimmy Carter)یـش(١٩٧٧_١٩٨١) ، بڕیاریـدا ئـەو جـۆرە کـوورە ئەتۆمیانـە بـۆ ئێـران دابیـن بـکات(Vaez and jadpour,٢٠١٣:٦)، لـە (ئۆکتۆبـەری/١٩٧٨) دا، وەزارەتی وزەی ئەمریکا بـە سەرپەرشـتی زانـا (جیفـری ئێرکسـن-Jeffry Eerkesn) رەزامەنـدی لە سـەر فرۆشـتنی چـوار (لەیزەر_Lasers) بـۆ ئێـران دەربـڕی، لـە هەمـان کاتـدا بـۆ ئێـران گوازرانـەوە، ئـەم لەیزەرانـەش لـە تاقیگـەی لێکۆڵینـەوەی پلازمـا بـۆ پیتانـدنی یۆرانیـۆم بـەکار ئەهـات (N.T.I,٢٠١١:٥٥٧)، بـەڵام بـە هـۆی ئـەو دۆخـە ناسـەقامگیرەی لـە ئێرانـدا هاتـە کایـەوە، ئەمریـکا دابینکـردنی هـەر چەشـنە پێداویسـتی و ئامێرێکـی تایبـەت بـە پـرۆژە ئەتۆمییـەکانی ئێرانـی وەسـتاند (Vaez and jadpour,٢٠١٣:٦)، لـە نێویشـیاندا لەیـزەرەکانی تایبـەت بـە پیتانـدنی یۆرانیـۆم بـوون. (N.T.I,٢٠١١:٥٥٧)

لـە سـاڵی (١٩٧٨)دا بارودۆخـی ئێـران تـا ئەهـات رووی لـە گرژیـی و ئاڵـۆزی زیاتـر ئەکـرد، تـا ئـەو ئاسـتەی ئاسـایش و سـەقامگیریی ئێـران بـە تەواوەتیـی تێکچـوو، پێکـدادانی ڕاسـتەوخۆی سـوپا و جەمـاوەری ئێرانیـی لـە سـەر شـەقامەکان و کـوژرانی هـەزان کـەسی مەدەنیـی لـێ کەوتـەوە.( (ولـز،١٣٦٦: ٢١) لـە هەمـان کاتـدا ژمارەیەکـی زۆر کـوژراو و برینـدار لـە ریـزەکانی سـوپا و پۆلیـس هەبـوون(Eisenstaedt ,٢٠١١:٣). بـە هـۆی گرژیـی و ئاڵۆزبـوونی زیاتـری دۆخـی ئێرانـەوە، کاربەدەسـتانی بـاڵای ئەمریکا رایانگەیاند، کـە ئێسـتا کاتێکـی لـە بار نیـە بـۆ جێبەجێکـردنی هەنـگاوەکانی ئـەو رێکەوتنـە ئەتۆمییانـەی لەگـەڵ ئێـران دا کـراون، ئەمـەش بـە هـۆی ئـەو ناسـەقامگیرییە سیاسـییەی رووی لـە ئێـران کـردووە، هەرچەنـدە شـای ئێـران باڵیـۆزی ئەمریـکای لـەوە ئـاگادار کـردەوە، کـە فەرەنسـا و ئەڵمانیـا لـە پـرۆژەکانی ئەتۆمیـی ئێـران هـەر بەردەوامـن، بـەڵام بـە هـۆی ئاڵۆزبـوونی زیاتـری دۆخەکـە، ئەمریکا نەیئەتـوانی وەڵامـی خێـرای شـای ئێـران بداتـەوە (N.T.I,٢٠١١:٥٥٨).

ئەتوانرێـت دەیـەی هەفتـاکان بـە گەورەتریـن قۆناغـی گەشەسـەندنی پـرۆژە ئەتۆمییـەکانی ئێران لـە سـەدەی بیسـتدا دابنرێـت، چونکـە تەکنەلۆژیـای ئـەتۆم سنووری لێکۆڵینـەوە و تاقیگـەکانی تێپەڕانـد و بەشـێکی گـەورەی

ژیانی لە سەرچاوەی وزەی کارەبا و پیشەسازیی و گەشەی ئابووریی وڵاتی گرتەوە، تەنها بۆمبی ئەتۆمیی نەبێت، کە ئەمریکا ڕێگری سەرەکیی بوو تێیدا، ئێران بوو بە خاوەنی سەرجەم لایەنەکانی تەکنەلۆژیای ئەتۆم، بە هەمان شێوەی قۆناغەکانی پێشتر، لەم قۆناغەشدا ئەمریکا ڕۆڵی سەرەکیی لە پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای ئەتۆمیی لە ئێران دا هەبوو.

## ٣-کاریگەرییەکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە سەر ڕۆڵی ئەمریکا لە پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران (١٩٧٩).

تا سەرەتای ساڵی (١٩٧٩) شۆڕشی گەلانی ئێران دژی سیستمی شاهەنشاهیی پێی نایە قۆناغێکی گرنگ و هەستیارەوە، و کاربەدەستە باڵا سەربازییەکانی نێو سوپای ئێرانیش شایان لەو ڕاستییە ئاگادار کردەوە، کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی زیاتری خەڵکیان نەماوە، ئەمەش بووە دەسپێکێکی گرنگیی کۆتایی دەسەڵاتی شا و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، لە بەر ئەوە شای ئێران لە (١٩/کانونی دووەمی/١٩٧٩) ئێرانیی بە تەواوەتیی بەجێهێشت، (الضیعان،٢٠١١: ٢٣٥)، هەر دوای سەرکەوتنی شۆڕش و گەیشتنەوەی بۆ تاران لە (١/شوباتی/١٩٧٩) (Esposito and Piscatori,٥,١٩٨٩-٦) (ئیمام خومەینی) کۆی پرۆگرام و پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێرانیی ڕەتکردەوە، چونکە پێی وابوو، پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران، پرۆژەیەکی تایبەت بە خواستەکانی شای ئێرانن و هۆکارێکی گەوورەی وابەستەبوونی ئێرانن بە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواوە، لە لایەکی ترەوە سەرکردەکانی شۆڕشی ئیسلامیی پێیان وابوو پرۆژە ئەتۆمییەکانی شا، بوونە هۆی زیادبوونی زیاتری دەسەڵاتی ئیمپریالیستیی لە ئێران و سەپاندنی چەندین گرێبەستی زۆرەملێ بە سەر ئێران دا، کە دوا جار ئەم پرۆژە و گرێبەستانە زۆر قورس و مەترسییدار لە لایەنەکانی ئابووریی و سیاسیی بە سەر ئێراندا شکابووەوە، زیاتریش ئەبوون بە هۆی وابەستەبوونی ئێران بە ئیمپریالیزمی ڕۆژئاواوە (Barth,٢٨,٢٠١٠).

پاشان (ئیمام خومەینی) و (مەهدی بازرگان)ی سەرۆک وەزیران کۆی هەوڵ و هەنگاوەکانی پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێرانیان وەستاند، هەروەها سەرکردەکانی شۆڕشی ئیسلامیی کۆی ڕێکەوتننامەکانی پێشتریان تایبەت بە پرۆگرامی ئەتۆمیی لەگەڵ شای ئێراندا ڕەتکردەوە (Charnysh, ١١). پاشان پرۆگرامیی ئەتۆمیی ئێرانیی بە پێی فەتوایەکی (ئیمام خومەینی) بە تەواوەتیی وەستێنرا، هەر لە فەتواکەیدا چەکی ئەتۆمییشی بە تەواوەتیی حەرام کرد (الزبیدی،٢٠١٩: ٧). چونکە (ئیمام خومەینی) و سەرکردە باڵاکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران جەختیان لە سەر ئەوە کردەوە، کە:" پرۆگرامی ئەتۆمیی و دەرهاوێشتە مەترسیدارەکانی لە چوارچێوەی بنەماکانی ئیسلامدا جێیان نابێتەوە." (Zrost, ٢٠١٣: ٢٥). هەروەها (A.E.O.I)، کە گەورەترین دەستگای نیشتیمانیی ئێرانیی بواری پرۆگرامی ئەتۆمیی بوو، دوای شۆڕشی ساڵی (١٩٧٩) هەڵوەشێنرایەوە(Barth,١٩,٢٠١٠)، ڕێکخراوەکەیش کارەکانی خۆی بە تەواوەتیی وەستاند و سەرجەم ستاف و زانا و ئەندازیاران و کارمەندانی خۆیشی ئاگادارکردەوە لەوەی، کە ڕێکخراوەکە بەجێبهێڵن، پاشان سەرجەم ئۆفیس و بنکەکانی خۆی لە ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا داخست (Barth,٢٧,٢٠١٠).

لە بەرامبەریشدا کۆی ئەو ڕێکەوتن و هاوکارییانەی، کە ئەمریکا لەگەڵ ئێران لە بواری کوورەی ئەتۆمیی و توێژینەوە و تاقیگەکانی توێژینەوەی ئەتۆمیی هەیبوو، سەرجەمیانی وەستاند.(جاسم:٢) ئاگاداری هەریەک لە وڵاتانی وەک ئەڵمانیا و فەرەنسایشی کردەوە، بۆ ئەوەی هاوکاریی و پاڵپشتییە ئەتۆمییەکانیان بۆ ئێران رابگرن

(الهبيدة،٢٠١٣: ٣٠).لە هەمان کاتدا ئەمریکا و ئەڵمانیا و فەرەنسایش سەرجەم پاڵپشتییەکانیان بۆ (A.E.O.I) وەستاند، ئەم هەڵوێستە نوێیەی ئێرانیش لە بەرامبەر پرۆژە ئەتۆمییەکەیدا بووە هۆی هەڵاتنی ژمارەیەکی زۆر لەو زانایانەی کە لە پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران دا کاریان ئەکرد (Hamilton, ٢٠١٠:١٤-١٥) . لە هەمان کاتدا ئێران لە سەر زاری وەزیری دەرەوە (قوتبیزادە) لە (Eurodif) کشایەوە (N.T.I,٢٠١١:٥٥٢)، کۆی ئەو گرێبەستانەیشی لەگەڵ وڵاتانی ئەم رێکخراوە واژووی کردبوون، سەرجەمیانی هەڵوەشاندەوە، هەروەها ئێران داوای یەک (١) ملیار دۆلار قەرەبووی لە وڵاتانی ئەم رێکخراوە کرد، کە لە ساڵی (١٩٧٧)وە لە حکومەتی ئێرانیان وەرگرتبوو، بەڵام داواکەی ئێران رەتکرایەوە (N.T.I,٢٠١١:٥٥٤).

لە کاردانەوەیەکی تری ئیدارەی «کارتەر»دا، ئەمریکا هەستا بە سڕکردنی کۆی سەروەت و سامانە داراییەکانی ئێران، کە لە بانکەکانی ئەمریکادا بوو، پاشان کۆی شمەک و کاڵا و پێداویستیی ناردەنیی ئەمریکا و مامەڵەی دارایی ئەمریکا لەگەڵ ئێران راگرت (دورين، ٢٠١٩: ١٥٥_-١٥٦).لە هەمان کاتدا ئەمریکا بۆشایی هەیە رایگەیاند:" ئێران رووبەڕووی کێشەی ئابووریی وابەستە بە سەرچاوەکانی وزە ئەبێتەوە،" چونکە بەرهەمی پەترۆلیی ئێران لە (٦) ملیۆن بەرمیلی ساڵی (١٩٧٦)وە بۆ (٢) ملیۆن بەرمیلی ساڵی (١٩٧٩) دابەزی و لەو برەیش (٥٩٠) هەزار بەرمیلی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی نێوخۆ بوو(Hamilton, ٢٠١٠:٢٩). دوای شۆڕشی ئیسلامیی (١٩٧٩) و پچڕاندنی تەواوی پەیوەندییە بۆشایی هەیە دیپلۆماتییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران (هاورد،٢٠٠٧: ٢٥)، هیچ گفتوگۆ و رێکەوتن و لێک نزیکبوونەوەیەک لە نێوان ئەمریکا و ئێران لە بواری پەرەپێدانی ئەتۆمیی رووی نەدا. (Siegel and Foroush, ٢٠١٣:٣).هەروەها دەستگیرکردنی ئەندامانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران بۆ ماوەی (٤٤٤) رۆژ و سەرهەڵدانی قەیرانی بارمتەکان(ولز،١٣٦٦: ٨)، یەک لە فاکتەرەکانی وەستاندنی هاوکاریی و پاڵپشتییەکانی ئەمریکا بوو بۆ پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران (Vaez and jadpour,٢٠١٣:٧) .لە لایەکی ترەوە، بانگەشەکانی کۆماری نوێی ئیسلامیی ئێران بۆ لەناوبردنی تەواوەتیی دەوڵەتی ئیسرائیل، زیاتر پاڵی بە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپاییەوە نا، بۆ ئەوەی پەلە بکەن لە وەستاندنی کۆی هاوکاریی و پاڵپشتییەکانیان بۆ پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران(Diamond,٢٠١٢: ٥ ). سەرەڕای وەستاندنی پاڵپشتییەکانیان،(الضيعان، ٢٠١٠: ٢٤١) بەڵام ئەمریکا مەترسیی لە پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران هەبوو، چونکە کاربەدەستانی باڵای ئەمریکا پێیان وابوو، لە هەر قۆناغێکدا ئێران بتوانێت سوود لە پرۆژە ئەتۆمییەکانی قۆناغی شا وەربگرێت، دواتر ئەتوانێت بگاتە ئاستی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمیی(N.T.I,٢٠١١:٥٥٢)، ئەو کات بە ئاسانی ئەتوانێت مەترسیی گەورە لە سەر بەرژەوەندییە زیندووەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هاوپەیمانەکانی بە گشتی و ئیسرائیل بە تایبەتیی درووست بکات، لە هەمان کاتدا جەختیان لە سەر ئەوە کردەوە، کە لەناوبردنی پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران کارێکی قوورسە، چونکە کارەساتی مرۆیی گەورەی لێ ئەکەوێتەوە و هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی نوێی ئێرانیش بەرامبەر ئەمریکا و ئیسرائیل توندتر ئەکات(الضيعان، ٢٠١٠: ٢٤١-٢٤٢). لە سەر ئاستی دەرەکیش، ئەمریکا مەترسیی لە یەکێتیی سۆڤیێت هەبوو، لەوەی کە هاوکاریی ئێران لە پیتاندنی یۆرانیۆم بۆ پلۆتۆنیۆم بکات و بە ئاسانی بتوانێت چەکی ئەتۆمیی بەرهەم بهێنێت، چونکە ئەم هەوڵە بە درێژایی دەیەی هەفتاکان لە ئێراندا هەبوو (هاورد،٢٠٠٧: ٤٠). دوای ئەمریکایش، بەریتانیا دووەم وڵات بوو، کە زۆرترین دژایەتیی دەسەڵاتی نوێی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەر چەشنە هاوکارییەکی پرۆژە ئەتۆمییەکانی کرد (بردبار و سروى،١٣٩٤: ٩٨).

پاشان ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش چەندین بڕیاری سەبارەت بە وەستاندنی مامەڵەی وڵاتان لەگەل ئێران دەرکرد، یەک لەو بڕیارانەش کۆی ئەو هاوکاریی و مامەڵانە بوو، کە تایبەت بوون بە مەلەفی ئەتۆمیی ئێرانیی(جاسم:٤).

بەم شێوەیە لەدوای ساڵی (١٩٧٩)وە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران پێی نایە قۆناغێکی نوێوە و لە ماوەی سەرهەڵدانی شۆڕش تا کۆتایی دەیەی هەشتاکان کۆی چالاکییەکانی پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران راگیران (الهبیدة،٢٠١٣: ٢٩). لە قۆناغی دەسەڵاتی شای ئێرانیشدا، ئێران توانی ببێتە خاوەن بیست (٢٠) دامەزراوەی ئەتۆمیی، بەڵام لە سەرەتای جەنگی ئێران_ عێراقدا فڕۆکەکانی عێراق دوو دامەزراوەی ئەتۆمیی ئێرانیان لە بوشەهر لە سەر کەناری کەنداوی فارسیی بۆردوومان کرد (المطیري، ٢٠١١: ٤٥).

کۆی ئەم ئاستەنگانەی رووبەڕووی پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران بووەوە، فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکیی هەبوو، لە سەر ئاستی ناوخۆیی سەرکردە نوێیەکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بڕیاری راگرتنی پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران و رەتکردنەوەی گرێبەستە ئەتۆمییەکانیان دا، لە سەر ئاستی دەرەکییش ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا کۆی هاوکاریی و پاڵپشتییەکانیان بۆ پەرەپێدانی پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران راگرت، کۆی ئەو زانا ئەتۆمییانەی ئەمریکا و وڵاتانی تری رۆژئاوا، کە لە ئێران بوون، لە ماوەیەکی کورتدا خاکی ئێرانیان بەجێهێشت.

## ئەنجام:

١-ئەتوانرێت قۆناغی نێوان ساڵانی (١٩٥٧_-١٩٦٧) بە قۆناغی دەستپێک و بونیادنانیی پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران دابنرێن، لە هەمان قۆناغدا ئێران بوو بە خاوەنی کوورەی ئەتۆمیی و بڕێکی دیاریکراو لە یۆرانیۆمی نەپیتیراو، لەم قۆناغەدا ئەمریکا رۆڵی پلە یەکی لە بونیادنانی پرۆژە و توێژینەوە ئەتۆمییەکانی ئێران و راهێنانی ستافە زانستیی و تەکنیکییەکانی ئێران دا هەبوو.

٢-لە نێوان ساڵانی (١٩٦٨_-١٩٧٨)، ئامانجەکانی ئێران لە گەشەپێدانی پرۆگرامی ئەتۆمیی بۆ بەکارهێنانی وەک سەرچاوەیەکی وزە گەورەتر بوو، لە روانگەی شای ئێرانیشەوە ئەتۆم تەنها سیمبولێکی تەکنیکیی نوێ و مۆدێرن نەبوو، بەڵکو ئەو ئەیویست ببێتە هێزێکی ئەتۆمیی گەورە و کاریگەریی هەرێمیی و جیهانیی هەبێت، ئەمریکایش لەگەڵ ئەم خواستەی ئێران دا نەبوو.

٣-لە کۆی هەڵویستەکانی ئەمریکا بەرامبەر گەشەسەندنی ئەتۆم و تەکنەلۆژیای ئەتۆم لە ئێران و وڵاتانی تری ناوچەکە، ئەو راستیە دەرئەکەوێت، کە ئەمریکا جگە لە ئیسرائیل، خوازیار نەبووە هیچ هاوپەیمانێکی تری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببێت بە خاوەن چەکی ئەتۆمیی.

٣-لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی (١٩٧٩) هەڵویستی ئەمریکا بە تەواوەتیی بە ئاراستەی پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران گۆڕا و سەرجەم هاوکاریی و پاڵپشتیی و گرێبەستەکانی تایبەت بە ئەتۆمی لەگەڵ ئێران وەستاند، هەڵوێستی وڵاتانی ئەوروپاییش لە ژێر کاریگەریی ئەمریکادا بوو، لە بەر ئەوە ئەوانیش هەمان هەڵوێستیان هەبوو.

٤-ئەمریکا هییچ کاردانەوەیەکی نەرێنیی و یاخود سەربازیی بە ئاراستەی پرۆژە ئەتۆمییەکانی ئێران و لەناوبردنیان نەبوو، لێرەشەوە بۆ یەکەم جار قەیرانی ئەتۆمیی نێوان ئەمریکا و رۆژئاوا لەگەڵ ئێران دەستی پێ کرد، تا ئێستاش دیارترین خاڵی ناکۆکیی و ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێرانە.

# لیستی سەرچاوەکان:

## یەکەم/ کتێبەکان:

## أ-کتێبەکان بە زمانی ئینگلیزیی:

The History Of Stuxnet Key Take ways for .(٢٠١٢).(C.C.S.A (Cyber Conflict Studies Association
.Cyber Discussion Makers, Military Category

Iran Soviet Interests, U.S Concerns, the Institute For National Strategic .(١٩٩٠) .Coosa, Raliph A
.Studies, Washington D.C

,David Fischer: History of the International Atomic Energy Agency, Vic library publication, Vienna
.١٩٩٧

The Iranian Revolution Years Later What has Been .(١٩٨٩).Esposito, John L. and Piscatori, James
.Its Global Impact, Middle East Institute, Washington D.C

.٢٠٠٥ ,James Chater, A history of Nuclear Power , focus on Nuclear generation, London

Models of the Atom, A ٥ The Project Physics Course, Unit.(١٩٧٠).Rinehart, Holt and Winston
.Component of Project Physics Course, NewYork

Media Coverage of Iran's Nuclear Program, Centre .(٢٠١٣).Siegel, Jonas and Barforoush, Saranaz
.For International and Security Studies at Maryland(CISSM) , University of Maryland

Iran's Nuclear Odyssey Costs and Risks, Carnegie .(٢٠١٣).Vaez, Ali and Jadpour , Karim Sad
.Endowment For International Peace, Washington D.C

## ب-کتێبەکان بە زمانی عەرەبیی:

١-الراوي، د.رياض.(٢٠٠٨).البرنامج النووي الايراني و أثره على منطقة شرق الأوسط، طبعة٢، دار الأوائل للنشر والتوزيع، دمشق.

٢- الصمادي، د.فاطمة، العلاقات الأمريكية الايرانية قطيعة لا تمنع الصفقات، منتدى العلاقات العربية الدولية.

٣-هاورد، روجر.(٢٠٠٧).نفط ايران و دوره في تحدي نفوذ الولايات المتحدة،الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت.

ج-کتێبەکان بە زمانی فارسیی:

١-مهدوی، عبدالرضا هوشنگ.(١٣٧٥). سیاست خارجی ایران در دوران پهلوی ١٣٠٠-١٣٥٧، چاپ سوم، نشر البرز، تهران.

٢-ولز،تیم.(١٣٦٦).٤٤٤ روز خاطرات گروگانگیری از دوران تسخیر لانهء جاسوسی امریکا، مترجم: دکتر حسینی ابو ترابیان، مرکز نشر فرهنگی رجاء.

دووەم/ نامە و تێزەکان:

## أ- نامە و تێزەکان بە زمانی ئینگلیزیی:

Security Assistance in the Persian Gulf and the Roots of the Nixon.(١٩٩٧).Jasper, W.Marc -_١-
.Doctrine, Naval Postgraduate School, United States Navy, U.S.A

.The Nixon Doctrine is There for the U.S Army? U.S War College .(١٩٧٣).Gooler, L.Darrel-_-٢

An Analysis of U.S Policies Targeting the Iranian Nuclear Program, .(٢٠١٠).Hamilton, T.Bryan-_٣ Department of Government and International Affairs, College of Arts and Science, University of .South Florida

Why States Peruse Nuclear Weapons Program? The Iran Case, Institute.(٢٠١١).Zrost, David _٤- .Barcelona E Studies-Internationals, Masters in International Redaction, Barcelona

ب- نامە و تێزەکان بە زمانی عەرەبیی:

١-المطيري، عبدالله فالح.(٢٠١١). أمن الخليج العربي والتحدي النووي الايراني، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الأوسط، كلية آداب والعلوم، قسم العلوم السياسة.

٢-مليحة، نبيلة محمود ذيب.(٢٠١٢).السياسة الأمريكية تجاه الايران (١٩٤٥-١٩٨١)، رسالة ماجستير كلية آداب، الجامعة الاسلامية بغزة، فلسطين.

سێیەم/ توێژینەوەکان:

أ_توێژینەوەکان بە زمانی ئینگلیزیی:

1_-Ansari, Ali M.(2017). The Curious Case of the Nuclear Company of Britain and Iran, Journal of British Institute of Persian Studies, Routed, U.K.

2_Barth, Kai Henrik.(2010). The Nuclear Establishment as Domestic Driver of Iran's Nuclear Ambitions, School of Foreign Service, George Town University School Service, Qatar.

3_-Charnysh, Volha, A Brief History of Nuclear Proliferation, Nuclear Age Peace Foundation, Committed to a World Free of Nuclear Weapons.

4_-Dimond, Harrison Smith.(2012) .Reinterpreting Nuclear Consequences Realism, Constructivism and the Iranian Crisis, International Political Economy, University of Puget Puget Sound.

5_-Eisenstaedt, Michael.(2011). Iran's Islamic Revolution Lessons for the Arab Spring of 2011, National Defense University. Institute For National Strategic Studies, U.S.A.

6_-Islam, M.D.Thowhidul.(2013). The Nuclearzation of Iran and the Policy of Russia, Centre For University Requirement Course, Asian and African Studies, Volume (22) Number (2), Bangladesh.

7_-Tomotsugu, Shinsuke.(2016). After Hegemony of the Atoms for Peace Program Multinational Nonproliferation Policy Under the Nixon and Ford Administration (1972_1976) , The Japanese Journal of American Studies, No (27) .

ج_توێژینەوەکان بە زمانی فارسیی:

١ بردبار،احمدرضا و سروی، غلامرضا خواجه.(١٣٩٤). نقش انگلستان در ایجاد چالشهای هسته ای ایران بر اساس نظریه امنیت جمعی، فصلنامه مطالعات راهبردی بسیج، سال هجدهم، شماره ٦-.

٢- جعفری،علی أکبر و خوینگانی،فهیمه رحیمی.(١٣٩٤). نگاهی تاریخی _ تحلیلی به روابط هسته ای ایران

و آلمان،دوفصلنامه علمی پژوهشی مطالعات تاریخی جهان اسلام،دانشگاه امام خمینی ،س ٣، ش ٥، بهار و تابستان .٥٣٩٤ رحیمز()، و خوینگانی،رۆژە ئەتۆمیەکانی ئێران نەبووهەڵوێتیان هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمریکا هیچ کاردانەوەیەکی نەرێنی و ١.
٣-قرشی، سید یوسف.(١٣٩٣). تأملي سایبرنتیك بر مدل تصمیم گیری هسته اي جمهوری اسلامی ایران،فصلنامه تحقیقات سیاسی بینالمللی، دانشگاه آزاد اسلامی، شماره بیست و یکم.
ج_توێژینەوەکان بە زمانی عەرەبیی:
١-جاسم، د.جاسم أحمد، الأزمة النووية الايرانية المشاهد المحتملة، معهد الادارة، الرصافة.
٢-الزبيدي، د.علي طارق.(٢٠١٩). ما هي التنمية والعقوبات الأقتصادية، مجلة مدارات الايرانية العدد (٥)، الجامعة العراقية، كلية الادارة و الأقتصاد.
٣-الضيعان،د. ضيف الله.(٢٠١٠). العلاقات ألامريكية الايرانية الوجه الأخر، كلية العلم، جامعة ملك السعود، رياض.
چوارەم/ بەڵگەنامە و بڵاوکراوە فەرمییەکان:
1-I.A.E.A: The Text of Agreement Between Iran and the Agency of Application of Safeguards in Connection With The Treaty of the Non-Proliferation of Nuclear Weapons, INFCIRC/214, 13 December 1974.
2-NTI, Iran Nuclear Chronology, James Martin Centre for Non-Proliferation Studies, May 2011.
3_ United Nations "Atoms for Peace" Address Before the General Assembly of the United Nations on Peaceful Uses of Atomic Energy, New York City, December 8th, 1953
پێنجەم/ڕاپۆرتەکان:
-1_Andrew Prosser.(2017). Much Ado About Nothing States Ambitions and Iranian Nuclear Reversal, Strategic Studies Quarterly, UNICRE, Geneva.
-2_Prosser, Andrew.(2017). Much Ado about Nothing States Ambitions and Iranian Nuclear Reversal, Strategic Studies Quarterly, UNICRI, Geneva.
-3_Valadai Discussing Club.(2016). Prospects for Nuclear Power in the Middle East Russians Interests, Grantees Report, Moscow.

## Abstract

The role of the United States in establishing and developing Iranian nuclear projects

The Subject of role of the United States in Iranian nuclear projects, one of most important subject, Because After Second World War Iran tried to Achieve Atom Technology, The period between (19571979-) can be considered as the beginning and construction of Iran's nuclear projects, During this period, the United States played a major role in the establishment of Iranian nuclear projects , research ,the training of Iranian scientific and technical staff. But After the Islamic Revolution

(1979), the U.S attitude towards Iran's nuclear projects completely changed and suspended all nuclear cooperation, support and contracts with Iran.

## الملخص

(دور الولايات المتحدة في تأسيس وتطوير المشاريع النووية الإيرانية)

موضوع دور الولايات المتحدة في المشاريع النووية الإيرانية، أحد أهم المواضيع ذات أهمية خاصة، لأنه بعد الحرب العالمية الثانية حاولت إيران تحقيق تقنية الذرة ، يمكن اعتبار الفترة ما بين (١٩٥٧-١٩٧٩) بداية وبناء مشاريع النووية الايرانية. خلال هذه الفترة ، لعبت الولايات المتحدة دورا رئيسيا في إنشاء المشاريع النووية الإيرانية ، والبحوث ، وتدريب الكوادر العلمي والتقني الإيراني. لكن بعد الثورة الإسلامية (١٩٧٩) ، تغير الموقف الأمريكي تجاه المشاريع النووية الإيرانية تماما وعلقت جميع أشكال التعاون والدعم والعقود النووية مع إيران.